سزای زیندانیی بیست ساڵ بەسەر چالاکوانێکی کورد لەلایەن دادگای ئێران درا

دادگای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سزای 21 ساڵ زیندانیی بەسەر ژینا مودەیس گورجیی ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری مافەکانی ژنانداسەپاند.

ژینا مودەیس گورجی، ڕۆژنامەوان و چالاکی بواری مافەکانی ژنانی خەڵکی سنە، لەلایەن لقی یەکەمی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی ئێم شارەو بە تەمەتی "پێکهێنانی گرووپ و دەستەی نایاسایی بە مەبەستی ڕووخاندنی حکومەت" سزای 10 ساڵ بەندکران و "هاوکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتانی دوژمنی ئێران" سزای 10 ساڵ زیندانی و "بانگەشەی دژ بە حکوومەت" سزای ساڵێک بەندکرانی بەسەردا سەپاوە.